کات وشوێن.



ئەوەندە وابەستەی رابردوو دەبم، داهێنانی لێبەرهەم بێنم.

یان (بەڵمە برنجەکەی شارەزوور).
-----------------------------------------------.
نوسراوەکەم سۆزی ئاوارەکانی کوردن،
لە وڵاتی خۆیاندا ولەوڵاتی تاراوگەدا، هەوڵم
داوە بە شێوەیەکی بیری مێژووی ژیان وبیری
مرۆڤی ئاوارە باس و شیبکەمەوە.

پێشکەش بە دایک وبابی ئاوەرمان و هەموو
مرۆڤایەتی ئاوەرە .

ئەزیژ ئاوارەم
----------.
ڤیکتۆر ئیگۆ، بۆدلێر، هەمەنگوای، پۆشکین، جزیری، خانی، نالی، گۆران، هێمن وهەموو نوسراوی مرۆڤی ئەوسا وئێستا ئەگەر بەکلتوری خۆمیان نەزانم.

زمانی فەرەنسی، ئنگلیزی، کوردی وهەموو زمانی میللەتان بە زمانی خۆمیان نەزانم.

نیوتن، دیکارت، پاسکال، رەزەرفۆرد، لاپلاس هەرهەموو بەرهەمی زانایان بە زانست وکلتوری خۆم نەزانم.

خۆم بە باڵندەی کۆچەریی لەقەڵەم ئەدەم وخۆم بە رەگەزی مرۆڤ نازانم.

مرۆڤ لەم رووەوە گەر دەقی بە خورەوشتی ناوچەیەکەوە گرتبێت، خۆی لە توانا و مێژوی مرۆڤی ناوچەکانی تری ئەم سەر زەمینە دابرێت، یان نە توانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانیتر رابهێنێت. ئەوکات ژیان بەگشتی ئەستەم دەبێت.

بیرمە بابم شەوی درێژی زستانەکان یەک دووجار کورتە بەسەرهاتی کرمانجێکی شارەزوری، لەناو سوپای عوسمانیدا سەرباز دەبێت، بۆ ئێمەی منداڵی دەگێراینەوە.

کرمانجێکی بەدبەختی شارەزوری، لەبەر گەورەی و شان وشەوکەتی، دەیکەنە سەربازی دەوڵەتی عوسمانی. چەند ساڵێک لە سوپای عوسمانیدا سەربازیدەکات. بۆ بەدبەختی شەری جیهانی یەکەم

هەڵئەگیرسێت، شارەزوری راپێچی جەنگ ئەکرێت.

پاش کۆتای شەر ناگەرێتەوە ودەکەوێتە تاراوگەوە. ئەوکات رەبەن ولاو دەبێت کەیفی پێنادێت بۆ شارەزوورو لانەکەی زێدی نەگەرێتەوە، زیاتر ژیانی تارەوگەی وکوولە مەرگی ئاوارەی پێ باشتر دەبێت.

جەنگی شەری جیهانی غەریب وبێکەسی دەکات، وەک زۆربەی سەربازەکانی دەوڵەتانی ئەودەمە لە جەنگدا دەکوژران، یان ئەوەی لەمردن قووتار دەبوون، پەرەوازەی وڵاتان دەبوون. هەندیەکیان دەرفەتی پاشایانەیان بۆ دەرەخسا ولەوحەی بەختی رەشیان سپی دەبۆوە، هەندێکیتریان شێت، بێ کەس وسەرگەردان دەبوون، تا ئەمرۆ چ کەس نازانێ لە کوێ وەفاتیان کردووە ولە کوێ نێژراون.

یەکێ لەو سەربازانە شارەزورێکەی کن چیرۆکەکەی بابمە بوو، بەڵام ئەمیان گرێکوێرەی بەختی دەکرێتەوە. لەو وڵاتی غەریبیان ژنێکی رەبەنی ئەڵمانی قەشەنگ وبەئەمەک عاشقی دەبێت، بەهەموو باش وخراپییەکی شارەزوریەکە رازی دەبێت.

پاش ماوەیەکی کەم، ژیانیەکی خۆشی پڕکامەرانی وپڕمیهرەبانی بۆ خۆیان سازدەکەن. پاش ماوەیەکی کەم لە گەڵ خانمدا ژیانێکی خۆش وپڕ بەسەرهاتی کامەرانی رێک دەخەن، لەناو لێفەو دۆشەکی پەڕی بێچووە مراویدا دەنوون ونانی گەرم وگۆشتی نەرمە نەبێ نایخۆن، هۆردووکیان کار دەکەن.

نانی هۆردوکیان دەکەوێتە رۆنی زەیتونەوە، ئەمیان کورە جافێکی باڵابەرزی چوارشانەی قۆزە، ئەویان خانمی ئەلمانی فرە جوانی پڕمیهرەبانییە. هۆردووکیان خاتوون وکورەجاف شەورۆژیان خستۆتەسەریەک بۆرازی کردنی دڵی یەکتری، وەک پەپولە بەچواردەوری یەکدیدا هەڵدەسورێن. (نوخشە لە هەموومان بێت.// نووسەر)

کورە جافی شارەزوری، پیاوێکی ئیشکەری قیتووقنج وخۆشەویستی هەموو کەسانی چوار دەوری بووە. وەلێ بۆ بەد بەختی نزیکەی هەموو شەوێک کاتی خەوتن وچوونە ناوجێگاوە، لە باتی بیسمیلا، دەیگووت:

ئای خۆزگەم "بە بەڵمە برنجەکەی شارەزور". غەریبی خووی بەم رستەیەوە پێ گرتبوو، هەمیشە هەمان رستەی دەگووتەوە، گوزەرانیان چەندساڵێک بەم شێوەیە دەخاێنێت.

شەوانە چەند جار بۆ خاتوونی هاوسەری لەگەڵ ئاهێکی قووڵدا: "ئای خۆزگەم بە بەڵمە برنجەکەی شارەزور" دووبارە دەکردەوە:

نەتان دیوە وتێدا نەنوستویت، خۆزگەم بە نوستنی ناو خەرمانەکەی شارەزوور.

خانمی ئەڵمانی، لەبەر دۆزینەوەی کلیلی خۆشەویستی نێوانیان هەوڵیدا بەزۆر خۆی فێری زمانی کوردی بکات. پاش فێربوونی زمانی کوردی،

شەوێکی پێش نوستن زۆرتینی بۆ دێت.
دەڵێت:

پیاوەکە با بۆ وڵاتەکەی لێی ژیاوی سەرێ بدەینەوە، تۆ دیارە بەم رۆژگارە لە خەیاڵی ساڵۆنی نوستنەکەی لای خۆتاندایت.

ئێوە پێ هێژن:

"بەلمە برنج"ەکەی شارەزوور.

پاش ئەوەی بەهار بەرێ دەکەن، هاوین دێت، بەدوو قۆڵی سەفەر بۆ شارەزور ڕێکدەخەن، بە پرهیوا بۆ زێدی هاوسەرەکەی دەگەڕێنەوە. خاتوونی ئەڵمانی فرە بەحەسرەتی دیتنی بەڵمە برنجەکەوە دەبێت، وادەزانێت. لە ئەڵمانیا ژۆری نوستنەکەیان هەر چ نییە، لەچاو نوستن لە نێو پاشماوەی خەرمانی شەنکراودا.

سەفەرێکی دوورووودرێژ دەکەن، چەندەها حەوتوویان پێدەچێت. بەسەلامەت کۆتای دەگەنە دەشتی شارەزور.

خانمی ئەڵمانی:

هەموو ئامانجی سەفەرەکەی دیتنی بەڵمەبرنجەکەی شارەزوردەبێت. لە هاوسەرەکەی پەلە پەلدەکات تازوە ساڵۆنی ژووری خەونەکەی پێشان بدات. کاتێک ژنەی عاشق کارەساتەکە بەچاوی خۆی دەبینێت. فرە دڵگران دەبێت، بەچاوی خۆی باوەر ناکات.

جەندجار پرسیاری لێدەکات:

ئەمەیە بەڵمە برنجەکەی شارەزور، یان گەمەم لە تەکمدا دەکەیت؟.

ئەمە ساڵۆنی نوستنەکەت بوو؟.

لەیەکتری لەوێدا واز دێنن وماڵ ئاوای لەیەک دەکەن، وەلێ خاتوونی ئەڵمانی لە کاتی ماڵئاوایدا دەڵێت:

ماڵ خراپ ئەم هەموو ساڵە خەفەتی هەردووکمان:

بۆ پوشوو پەڵاشی خەرمان بوو، بۆ قسەتان نەکرد ئەلمانیا لە خەرمان وپووش وپەلاش پڕە، ئەم هەمووساڵە بۆمنتان دڵگران کرد بوو.

ئیتر بە خەفەتەوە ماڵئاوای لەیەکدی دەکەن.

ئەم کورتە بەسەرهاتەی باوکم وباوکانی هەمووما لە هەست وبینینی هۆشی ئاوارەیەوە یە.

من بۆیە وەک هەمووکەس هێژم :

جیهان کلتورمە، مێژووی بیری مرۆڤایەتی موڵکی خۆمە. وەلێ هێند وابەستەی رابردوو دەبم، داهێنانی لێبەرهەم بێنم .

هەمووما لەم زەمینەدا، بە قەولی سوکرات، هەمووساتێک ئاوارەیەکی نوێترین :

---------------------------- ----------

## بەشی دووهەم
## "هەموومان ئاوارەین"

زانیاری مرۆڤ! بەگشتی بەرهەمی یادگارییەکانێتی. یادگارییەکانی دەبنە هۆی داهێنانەکانی. بەگشتی مرۆڤ بەرهەمی هاوکێشەی یادگاریەکان وتێکەڵاوبونییەتی لەگەڵ رابردووی ودەوروپشتەکانیدایە .مرۆڤ تا رۆژی هاتنی شارستانی سۆمەر وداهێنانی " نوسین "، هۆش ولەشی خۆی ئامێری تۆمارکردن وئۆتۆماتیککردنی کارەکانی بووە، یان خودی گیانی مرۆڤ چاپخانەی تۆمارکردن وئامێری پەیداکردنی بژێوی ژیان ویادگارییەکانی بووە .

مرۆڤ یان مرۆڤایەتی، ئاین، چیرۆک، هۆنراوەی میللی، شانۆ، هەڵپەرکێ ویادگارییەکانی لە دایک وباوکانەوە بۆ منداڵەکان ولەوانەوە بۆ نەوەکانی داهاتووتر ئەگوێزانەوە. مرۆڤ دەماو دەم یادگرییەکانیان بۆ سەدەکانی داهاتویان ئەگواستەوە. لەم ئاڵوگۆری مەعریفەیەدا، نەوە بۆ نەوەی داهاتوو، رۆژ لەدوای رۆژ ونەوە لەدوای نەوە مرۆڤ دەچووە پێشەوە .

بە حوکمی ئاڵ وگۆری بیر وزانیاری گشت بووارەکان، بە بیر وهۆش پەرەیداوە ودواکات لەم بزوتنەوەیەدا، داهێنای نوێی ئەنجام دراوە .

گواستنەوەی مەعریفی بەهۆی خودی لەش وهۆشی مرۆڤ خۆیەوە بووە. نوسین وکاغەز نەبووە، وەلێ داهێنان لە ئاکامی هاوکێشەی نەوەی رابردوو، نەوەی نوێ، پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، تێکەڵاوییان لەگەڵ دراوسێ وفراوان بوونیان هاتوتە دی وگەشەکردنیانی هێناوەتە ئامانج .

کاتێک دایک وباوکان هەڵپەرکێ یان درویَنەیان فێری لاوەکانیان کردووە، لاوان بە ئامان لەرزانە و بەوزە و ریتمی نوێوە کارەکانیان بەداهێنانەوە وجارێکیتر بە نوێکارێوە بەئاکام گەیاندۆتەوە. لەبەر ئەوەی مۆخی لاوەکان نەک تەنیا ئامێرێکی کۆپی میکانیکی ئۆتۆماتیکیین، بگرە لە هەمان کاتدا، ئامێرێکی تازەکردنەوە و جوانکارین.

مۆخی مرۆڤ ئامێرێکی فۆتۆکۆپی تەنیا نییە، بگرە ئامێرێکی بەراوردکاری، شیکردنەوە و بەستنی دیاردەکانە بەیەکەوەییە. لاوان یان نەوەی نوێ جگە لە توانای کۆپیکردن، توانای پێشخستن، ریێکخستن بەشێوەی نوێتر وتێکەڵاوکردن لەگەڵ رۆح تازەی خۆیاندا کردووە.

هەموو ئەم هاوکێشانە هاو کات یارمەتی داهێنان ئەدەن. نەک وەک فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی میکانیکی تا دوای ژان ژاک رۆسۆ، لاوانی بە ئامێرێکی کاغەز سپی ئەژمار دەکردن. پەروەردەی نەوەی نوێ بە ئارەزوی نەوەی رابردوو وابەستەدەکرد. بە حیسابی خۆیان چ یان بویستبایە لەسەر هۆشی وان بینوسن، لاوان پێویستە لەسەریان وەک تووتی بیلێنەوە، وەلێ دەرفەتیان نەبێت وبەشداری لە داهێناندا بکەن.

خەڵکی ئەو رۆژگارانە وەک ئەمرۆ نەبوون، لەناو خێزاندا نەبوونایە نەدەژیان، خێزان وخێڵ سیستەمی ژیان وبەرهەم هێنانی ئەوسەردەمانە بوون .

مرۆڤ فرە یادگارییەکانی خۆی وباپیرانی خۆشدەویست، لەوسەردەمەدا کاتێک مرۆڤێک چ خانم چ پیاو کۆچی دوایی بکردایە، کۆستێکی مەزنی بۆنزیکەکانی بەجێدەهێشت، یەکێ لە هۆکانی باپیرانمان لەو سەردەمەدا، لەگەڵ کۆمەڵێ یادگاریدا لەنێو گۆرئەنران، لەبەر ئەوەی دنیایە لەزانیاری وتاقیکرنەوەی نەوەکانی پێش خۆیانی لە گۆر دەنا.

کێ نالێت، سەدەها هونەرمەندی وەک حەسەن زیرەک لە بێ ئامرازی کۆپیکردنا، هونەرەکەیان لە گەڵ گەروی خۆیاندا لە گۆرناون، یان وەک بەندی مەحمەڵ وبرایمی دەشتیان، بەیتی باپیر ئاغای مەنگور بابی هەمزاغا و بەیتی عەلی عاشق بە هەزاران بەیتی لەم جۆرە لەگۆڕێ نەنراون.

نوسین وکۆپی گەورەترین شۆرشی مرۆڤایەتیبوو هاتنە کایەوە، مرۆڤی لە ئامێری کۆپی وگواستنەوەی زانیارێوە، کردە مرۆڤێکی ئازاد. زانیاری وبەرهەمی هۆشی لە لەش وگیانی مرۆڤ جوداکردەوە. مرۆڤی لە کۆپی ولەبەرکردنی ئەدەب وهونەر وکەتەلۆکی بەرهەم هێنانی ئازادکرد. مرۆڤی کردە مرۆڤێکی جیهانی.

بەسەرگورشتە دەیگێرنەوە، سۆمەریەکان سێ هەزار ساڵ بە رۆژمێری پێش زاینی، نووسینیان داهێنا بوو. زۆر کەسانی ئەوسەردەمە وتا هەنووکە هێژن نووسین دەرفەتی لەبیرچوونەوەی یادگاریەکانمانی فرەتردەکات. تا ئەو سنورەی سوکرات (٣٩٩-٤٦٥)، کۆتای سەدەی پێنجەمی پێش زاینی. چ نووسینێکی لە پاش خۆی بەجێنەهێشت. گووتی نوسین: ئەقڵ دەمرێنێت .

پاش کۆچی دوایی سوکرات، ئیفلاتون و زینۆفۆن ,Platon et Xénophon) ، ئەقڵی مامۆستاکەیان فەلسەفی سوکراتیان تۆمارکرد ونوسییانەوە .

پاش شۆرشی مەزنی داهێنانی نوسین، یادگارییەکانمان لەسەر بەرد، دار ودوواتر پێستی ئاژەڵ وقاقەز تۆمار ئەکردن. مەزنترین شۆرشی مرۆڤایەتی " شۆرشی نوسین " بوو، شۆرشی چاپەمەنی ودوواتر شۆرشی ئۆتۆماتیکردنی چاپەمەنی بوو .

گەر باسی نوسین وچاپەمەنی لەسەر هەمان ریتم بکەین، تەنیا مە بەستم خەت هێنانە بەژێر هانینە دەرەوەی یادگارییەکانمانە لە هۆشماندا. لە بری لە مێشکماندا، لەسەر پێست ودار وبەرد تۆمارمان کردن، لە فەوتان هەموو زانیارێکانمان پاراستن.

زانیاریەکانمان لە بری ئەوەی لە ناومێشکماندا لەنێو گۆرینێین، دەستمانکرد بە تۆمارکردنیان ونوسینەوەیان. ئەم هەنگاوەی مرۆڤ بووە هۆی داهێنانی فرەتر ومەزنتری بەدووای یەکتریدا هێنا. چونکە مرۆڤ لە منداڵی ناوچەیەکەوە کردە منداڵی رابردوو، داهاتوو هەروەها منداڵێکی جیهانی

## بەشی سێهەم

## شۆرشی چاپەمەنی

بەرپا بوونی شۆرشی گەورەی زانستی (چاپەمەنی دەستی وچاپەمەنی ئۆتۆماتیکی).

شۆرشی چاپەمەنی

----------------.

گوتنبرگ GUTENBERG بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٤٣٤ ی زاینیدا لە ئەڵمانیا چاپخانەیەکی دامەزراند. هەروەها لە ساڵی ١٤٥٢ وە بۆ ساڵی ١٤٥٥ واتە بە ٣ ساڵ ١٨٠ کیتابی ئنجیلی پێغەمبەرە عیسای بەچاپ گەیاند .

گۆتنبرگی مەزن لە ١٤٦٨ دا کۆچی دوایی دەکات .

ئەم کەسە مەزنە بەشێوەیەکی ئەندوستیریاڵ (پیشەساز)ی رۆح ویادگارییەکانمان لە سەر کاغەز لەکۆتای سەدەی پێنجەهەمی زاینیدا بەچاپ گەیاند. خۆمان تەواو لە یادگارییەکان وچیرۆکەکانی ژیانمانی تاکەکەسی ولۆکالی جودا کردەوە. لەش وهۆشی پرلە یادگاری، گۆرا بۆ رەفە وکتێبخانە. هەروەها هاوکات بۆ کتێبخانەی جیهانی. تا رادەیەک لە سنوری خێزان وگوند وشار دەرچوین وبووینە بوونەوەرێکی جیهانی ولەکلاو رۆژنەی نوسینەوە، بەکۆمەڵ گەلی ژیان بەسەربردن هاتەکایەوە .

گۆتینبرگ بیر پێش هاتنی هۆش ویادگارییەکانمان زۆرتر لۆکالی بوون. شۆرشی چاپەمەنی لەش ومێشکی لە پرۆسیسی یادگارییەکان جیاکردنەوە، بەهۆی تشکی زانیاری نێو کتێب وکتێبخانەوە مرۆڤی شارەزا وئە کادیمی جیهانی دروستبوون، هەروەها لەداهاتوو وبەکۆمەڵ پێکەوە بیربکەینەوەوبچینە پێشەوە. لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەمان لە جیهاندا زانیمان، ڤیکتورهیگۆ، دیستۆفسکی، بۆشکین، ڤۆلتێر کێن وتاقیکردنە وبیریان شارەزا بووین. کیتابی فەلسەفە، زانست، شیعر وئەدەب وهونەری هەموو دونیامان بەئاسانی کەوتە ژێر دەستەوە.

کات و شوێن گۆرا، دنیای بیر و زانیاری خەست بۆوە.

نالی گەورەی شاعیری بابان بۆ دڵی کورد هۆنراوەی گوتووە. وەلێ کات و شوێنی سەدەی نۆزدەهەم ونالی، هەر هەمان کات وشوێنی ئەمرۆ نییە. خۆ هیراکلیتی مەزن لەخۆرا نەیگووت: چ دیاردەیەک بوونی نییە،(تەنیا وزە و جوڵەبوونیان هەیە).

لە (نەبوون – بوون) دا، یان لە (ژیان-مردن) دا، تەنیا (جوڵە یان وزە) خاڵق دەبن هەموو دیاردەکان لەگۆراندان، گەر لە گۆراندا بن ئەدی چلۆن؟ بوونیان دەبن. بۆیە بەیەقینەوە گووتی هەرگیز ناتوانین دووکەرەت لە گۆمێکدا مەلەوانی بکەین، چونکە گۆمە ئاوەکەی ئێستا ئەوەکەی ئەو سا نییە .

بەڵکوو " ژیان ومردن، بە هەردووکیان ژیان ئەخولقێنن، چ یان بێ ئەویتریان بوونی نییە ."

لێرەدا کەیفم پێدێت، کەمێک باسی کات و شوێن بکەین یان بە زمانی زانستی Spaces هاوکات پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە باسەکەمانەوە هەیە. چونکە ( کات و شوێن یان سپەیس)، لائێمە ناسرا و دیارنیە، بە زمانی فەلسەفە " سپەیس " هەمان مانا ناگەێنن، چۆن بە زمانی زانستی چ نییە: پێوەرێکی دروستکراوی هۆش(عەقڵ) نەبێت. بەپێویستی دەزانم لەسەر ئەم بابەتە (سپەیس). کەمێک فرەتر دەستی شیکردنەوە داگرم، چونکە بابەتێکە پەیوەندی بە فەلسەفە، زانست و ڕۆحەوە هەیە .

-----------------------------------------

بەشی چوارهەم

Spaces: کات وشوێن یان

کات وشوێن لەرەهادا، لەهەر ساتێکدا بەهەمان پێوەری پێشوو ناپێورێن، یان ئامێری کات ژمێر ناتوانێت لەپێشکەوتنی هۆش وزانیاری مەعریفی خودی مرۆڤ گوزارشت بکات. مێژووی کات وشوێن چە قیو(fix) نین، هەردەمەو کات وشوێنی خودی خۆیی هەیە.

داتا ومایکرۆ ئەلەکترۆنیک پێش هاتنەکایەیانەوە، نوسین هەر هەمووی لە پێنج سەد جیگای

Go, off Data بەنووسین و وێنەوە تۆمار دەکران. پێغەمبەران پاش هاتنە کایەی نووسینەوە، ئاینەکانیان ناونا ئاینی کیتابی. لە ڕاستیدا هەموو ئاینەکانی پێش داهێنانی نوسین کیتابی نە بوون بگرە مۆراڵی وفەلسەفی بوون. چونکە نووسین نەبووە.

حامورابی پاشای بابل خۆی بە نوێنەری خودای ڕۆژ زانیوە. چونکە یەزدانی بابلییەکان ڕۆژ بووە. حامورابی شەریعەتەکانی بە شەریعەتی یەزدانی لەقەڵەم داون. هەموانی لەسەر ٤٠ بەردی ڕەشی دوومەتر درێژ نووسیونەتەوە. ئەوبەردانە شەریعەتی یەزدانی لەسەر نوسراونەتەوە وپیرۆزبوون .

لە بێ شانسی حامورابیدا ناوی نەنرا ئاینی کیتابی، چونکە ئەم لەقەب دانانە جولەکەکان بەیارمەتی کریستانییەکان دایان هانی، ئیسلامەکان جەختیان لەسەر کەدەوە، ئاینی خۆیان وحەسیرەتەکەیان ئیبراهیم و کورەزاکانیان بەئیسماعیلی کوری هاجەرەوەبەکیتابی ناوزەند کرد .

کیتابە کانیان بەکۆمەڵێ چیرۆک وسەرگورشتەی سەردەمی باپیرە گەورەکانیان بوون، بەگوێرەی کتوم و خووی ئەوسەردەمە هۆنیۆەتەوە. ئەو سەردەمانە هەموو باسکردنی ئەقڵێک یان دەستورێک دەخرایە نێو چوار چێوەی سەرگوورشتەیەکەوە.

شەریعە یان دەستوری دەوڵەتەکەیان لەبەر پێی سەرگرووشتە وچیرۆکی گوێ ئاگردانەدا مۆر ئەکرد. وەک سەرگورشتەی نوح، ئیبراهم، ئیسماعیل، خاوەن فیلەکان وبەچەند سەرگورشتەیەکیتر، شەریعەی دەوڵەتەکانیان ڕازاندۆتەوە .

یەکەم کیتابی هەر سێ ئاینەکە (جولەکە، کریستیان وئیسلام)، لە یەکەم کیتابیانەوە، بە ناوی( یەکەم ڕێنماییەکانی خوا- یان پەیمانی یەکەم وە وەرگیراوەTestament L'Ancien یان، hê Palaià )

Diathḗkê)

چیرۆکی هەموو روداوەکانی پێش خۆیان، دوای خۆیان، هەروەها ژیان، مردن، دۆزەخ وبەهەشتییان، لە دایە وبابە حەواوە تا سەردەمی خۆیان بە حیسابی داتا لە ٢٠ جێگا ئۆکتێیە فرەتر نابێت تۆمار کردووە :

کات وشوێن، رۆژ لەدوای رۆژ حیساب کردنیان ئاڵۆزتر دەبێت و گوزارشت لە دنیایەکی نوێتردەکەن. گۆرانکاری لەژیاندا بەشێوەیەک پێشدەکەوێت، مایکرۆ چرکەیەکی ئەورۆ دەوری چەندەها رۆژ پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەبینێت .

بە کات-شوێن؛ دەبێژین " سپەیس،spaces، یان بەلاتینی" Du latin spatium ، سپەیس دەچێتە

پێشکەوتنەوە وکورت دەبێتەوە. دوورمەرۆ ئەمرۆ مامۆستا گۆگڵ، ئەگەرماڵتان لەوپەری دونیابێت

وبەرێزتان لەم پەری دونیابن، ماڵتان کەچی بە سکۆپی لە بەردەمتانا بە سێ دیمایشن بۆ نمایش دەکات .

نالی خۆشەویست ٣کاتی خۆی تا ٦ مانگ چاوەرانی قاصیدێک بوو، چامەکەی بۆهاورێی سالمی هۆنیبۆوە

لە ئەستەمبوڵەوە بۆسلێمانی بنێرێت.

مێژووی هەموو مرۆڤایەتی تا سەدەی بیستەم وساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، ئەگەر بە زانستی

بەراوردکاری وسیسۆلۆجی حیسابی کەین هەر هەموو ئەو هەزاران ساڵە بە قەدەر نیوە سەدەی پێشوو

رابردوو نابن.

کات وشوێن رابردووئێستامان هەموویان هاتوونەتە سەر مێزی خوێنەوەکانمان. وەک نوسیمە:
بەبەراوردکاری سپەیس(واتە: کات وشوێن) ی ئەوکات ئەمرۆ بکەین هەموو رابردووی مرۆڤایەتی بەرامبە ر ساڵێکی ئەمرۆ نابن.
ئەورۆ بە مایکرۆ چرکەیەک دەزانیت چی لە سەر رووی زەوی روودەدات. ئەم گۆرانکاریانە پێویستیان بە هەست، ئارەزو، پەروەردە، سیاسەت ونریارێکیتر هەیە.

بۆچی ئەمرۆ لە هەموو جیهاندا، هونەر ووێژەی جیهانی نوێ دێنە کایەوە؟

لەخۆرا شاعیرانی نوێخواز لەسەدەی نۆزدە وبیستا وەک بۆدلێر، رامبۆ، ڤێرلێن وئەپۆلینێر نەهاتن. یان

هونەرمەندانی وەک بیکاسۆ، مۆندریان وشەگال بە دەیەها هونەرمەندیتر کە نۆرمی شێوەکاری پێشخۆیان

گۆری وهاڕی. یان وەک:

مامۆستا سوارەی شاعیری نوێخوازی جیهانی، دەفەرموێت و نۆرمی پێشخۆی دەشکێنێت :

ئەڵێم برۆم لە شارەکەت !

-------------------.

لە شارەکەت کە رەمزی ئاسن ومنارەیە

مەلی ئەوین غەوارەیە،

ئەڵێی لەدەوری دەست وپیم،

ئەوەی کە تێڵ وتان رایەڵە کەلەبچەیە

ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە

ئەوەی کە دار تێلە مەزهەری قەنارەیە

لەشارەکەت کەمەندی دووکەڵە

کە دێتە دەر لەماڵی دەوڵەمەند،

وە تیشکی بێ گوناهی خۆر ئەخاتە بەند .

خۆ لەخۆرانییە لاوانمان کەیفیان بە مۆسیقا وهونەری جیهانی نوێ دێت .

چونکە جیهان چ شوێن، چ کات، وەک قووماشی خام هاتۆنەتەوە یەک. ئەگەر بە پێوەری بەراوردکاری یان بە پێوەری زانستی سیسۆلۆجی بەدواچونی بۆبکەین دەبینین مرۆڤی خەڵکی ناوچەیەک، دەبێتە خەڵکی ناوچەکانیتر. نالی ئەو دەمەی تێدا ژیابوو خەڵکی شارەزور، پاشان لە شام وحیجاز بوو، دواتر لە کوستەنتەنیپوڵ کۆچی دوایی کرد.

ئەمرۆ بمانەوێت ونەمانەوێت، مرۆڤەکان خەڵکی گوێی زەوین. لەم دیاردە راستیەوە بۆمان دەردەکەوێت شوێن بەرفراوان دەبێت وکات کورت دەبێتەوە، یان دەتوانین بێژین شوێنێکی فراوانتر لە کاتێکی کە متردا.`

## بەشی پێنجهە

گەنەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە، هەرگیز لۆکالی نەبووە.

-------------------------------------------.

هەندێکەس رەنگە بێژن: گەندەڵی چ پەیوەندی بە باسکردنی سپەیس(کات-شەێن)وە هەیە؟

ئەگەر بە پەلە نەبین، بەئاسای لە سەر رێگای باسەکەمدا پەیوەندێکانی دەردەکەون.

با وانەزانین گەندەڵی پەتایەکە تەنیا لەناوچەکەی ئێمەی داوە. بەر قەراتی لە لورەلوری گورگ تورکانی بێ ئەسڵ پڕکردووە.

حوجرەکەی نالی مەزنیان لە شەیتانە کوێرە بەدفەرە ئێرانییە ئایەتوڵڵاکان پڕکردووە. نەخێر!! پەتاکە لەجیهانەوە بۆ لای ئێمە

ئیستیراد کراوە و جارێکیتر بە ئێکسپایەری بۆ جیهان هەناردەکراوەتەوە. ئەگەر ئەمەریکای گەورە وناتۆ گەندەڵنەبن،

تووتکەهارەی تورکی هان ئەدەن ببنە مامۆستای گەندڵەکانی وڵاتی خۆمان. پاشان بەپاڵپشتی بەشێک لە گەندەڵکراوەکانی

ناوخۆمان، بە گەندوگووی لای خۆیان زێری رەش و رۆحی زیندومان لێ بستێنن.

هەروها گەندەڵێکەی لای خۆمان بۆ وادەزانین جیهانی نییە؟، بە بەرچاوی شاشە وکۆمپیوتەرەکانی جیهانەوە، تورکی بێ ئەسڵ

وفەسڵ کوردی باکور بەخوێناویترین شێوە جینۆساید ئەکەن.

نا تۆی سەگی داکۆکی ئابوری و بانکی سەرمایەداری جیهانی دەمی تورک شیرین دەکەن بۆ دزی ئەقڵ ونەوتی کورد

وناوچەکە. گەندەڵیکە هی ئەمرۆ نییە، لە ماهییەتی ئەو دەسالاتانەی هەمیشە دەیانەوێت بیکەنە نسیبمان. پێمان رەوا نابینن بە

دەستی خۆمان دەسەلاتی خۆمان دامەزرێنین.

هەروەها گەندلی بەئامرازی نوێ، بە توجارەت، بە پەروەردە، بەجەنگ بەسەرماندا دەسەپێنن.

هەر لەم رووەوە بۆیە ئیفلاتونی مەزن خۆشم دەوێت، پێمان هێژێت :

عەشق !! فەلسەفەی هەژارەکانە .

---------------------------.

ئیفلاتوون بەری ٣٠٠ ساڵ پێش زاینی خراپی نەگووتبوو، کاتێک گووتی: عەشق فەلسەفەی هەژارەکانە، ئەو مەخسەدی

خراپ نەبوو، تەنیا ویستی بلێت :

عەشق خۆهیلاکی وبەدواچونی گەرەک نییە، عاشقان!! عاشقێک یان هەندێکییان رێکدەکەوێت لەورێگایەدا دەبنە نەمر.

هاوکات ناوی عاشقیان پێدا دادەبرێن، هەروەک وەلی دێوانە، خەج وسیامەندی یان ئەسمەر ومام هۆمەری لای خۆمان، تا مرۆڤ مابێت، ناوی وەلی دێوانە، خەج وسیامەند و ئەسمەرو مام هۆمەر هەرلەبیردا دەمێنن.

عەشق بەتایبەتی عەشقی نیشتمانی. ئەگەر نەچێتە تێکۆشانی بیر وفەلسەفەوە، میللەتێکی هەژاری بێفەلسەفەمان لێدێتە ئامانج.

میللەتی بێفەلسەفە، میللەتێکە چارەسەری خودی تەنگەشەکانی پێناکرێت. دەبێتە میللەتێکی گەندەڵ. بەرهەم هێنەری قەیران وقەیران تابینە قاقای دێت. بەفیکەی هەموو قۆڵبڕێک سەمادەکات.

نیشتمانەکەیان لەکۆتایدا دەبێتە مەڵبەندی قەیرانەکان. چارەسەری قەیرانەکان بەتەنیا بەخۆشەویستی بۆنیشتمان ناکرێت.

سەرچاوە وهۆکاری قەیرانەکان بەلێشاو دەمانکاتە ئاوارە، بەرووکەشی قەیرانەکان وامان ئەدوێنێت ئەمانکاتە ئاوارە. بەلام لەراستیدا، یاسای ئیکۆنۆمی دەمانکاتە ئاوارە و دەکەوینە تاراوگەوە. لە بارچونی باری دەقگرتووەی شێوەی ژیانمان، دەخەینە پاڵ قەیرانەکان، یان زلم وزۆری حوکومەتەکان، یان بێ ئاوی وشکەساڵی وبێبارانی یان هێرشی دوژمنان. ئەمانە هەمووی راستن هۆی بە ئاوەرە کردنمانن. بەلام لەراستیدا لەکار وژیاندا، یاسای ئیکۆنۆمی شاراوەهەن، رۆڵی کردن بە ئاوارەیمان

دەبینن وفرێمان ئەداتە تاراوگەوە. یاساکان لە خۆرا کارناکەن.

یاساکان بەزەبری جەنگی ئاینگەری، بازاری نوێ، چەوساندنەوەی چینایەتی، خەدری کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی مورتەزەقەی

خێڵەکی و هەژاری وبێ مووچەی و بێکاری کار دەکەن وئەکتیف دەبن.

یاساکان بریتین:

ا) یاسای دابەشکردنی جۆری بەرهەم هێنان لەسەر رووی زەوی.

ب) لە گەڵ یاسای دابەشکردنی جۆری هێزی کار لەسەر رووی زەوی.

گەندەڵی یاریدەدەری ئەکتیف کردنی یاسا کۆمەڵایەتی وئیکۆنۆمییەکانە،
-------------------------------------------------------------

یاسای ئەرخەمیدس
----------------.

ئەرخەمیدس لە ساڵی ٢٨٧ پێش میلاد لە جزیرەی سقلّیە لەدایک بووە، یاسایەکی دۆزیوە بریتییە لە: کۆمەڵێ بۆری بەقەبارەی

جێاواز، بە مەرجێ لە خوارەوە بەیەکەوە بەسرابن و بە جۆرێک بۆرێکان لە بنەوە تەواو داخرابن و ئاویان لێنەچێت وسەریان

نەگیرابن.
کاتیک هەوڵ ئەدەین بۆریە گەورەکەیان پڕ لەئاو بکەین، دەبینین: ئاو لە بۆرێکاندا لەیەک رادەی پڕبوونی ئاو بەسەریاندا

دابەش دەبن.

بەم تاقیکردنەوەیە دەبێژین: یاسای ئەرخەمیدس، واتە پاڵە پەستۆی ئاو لە بۆریەگەورە وبچووکەکاندا وا لە ئاوەکەدەکات

لەنێوبۆرێکاندا بەیەکسانی دابەش ببن.

ئەم تاقی کردنەوەیە دەتوانین بە سەر هەموو دیاردەیەکی ناو سروشت وژیانی کۆمەڵایەتیدا بچەسپێنین. وەک دیاردەی بێکاری،

بێکارەکان بەمەرجێ توانای هاتووچۆیان هەبێت، حەتمی روودەکەنە شوێنەکانی بێکاری کەمە وپێویستیان بە کارکەر هەیە.

واتە پالەپەستۆی بێکاری لە جیهاندا بەگوێرەی ئەم یاسایەی زانا ئەرخەمیدس لە ئاکامدا یەکسان دەبن.

هەموو ئەمانە دەبنە هۆی یاسای ئەرخەمیدس بەسەر بێکاری لە جیهانی کاری داخراودا بچەسپێنرێت.

یاساکە دەبێژێت لە کوێ بێکاری زۆربێت ولەکوێ کار زۆربێت، بمانەوێت و نەمانەوێت بەحوکمی یاساکە ئاڵ وگۆر بە هێزی

کاردەکات. مرۆڤ لەو رۆژەی هەیە ئاڵ وگۆری جێگای کردووە. ئەتوانین بڵێین چ کەس خەڵکی چ کوێ

نییە. مرۆڤ لەو

جێگەیەک دەژی کە بتوانێت کاربکات و بژێووی ژیانی بەدەست بهێنێت.

لە ئاکامدا هەست وخووی مرۆڤ ئەهارێت.

هەرچەندە تا یەک دوو نەوە، ئاوارەی وبەجێهێشتنی بەتۆپزی یادگارێکان دەبنە هۆی گەلێ ناساخی دەرونی و خۆبەنامۆ زانین وخەفەت خواردنی ئاوات ویادگارێکانمان ناساخمان دەکات.

ئێمەی مرۆڤی سەر زەوی بە بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین، بە تۆپزی دەخرێنە بازارەکانی هەرزانی کارکردنی دورلەماڵ ولاتمانەوە. رەنگە هەموومان سەرگورشتەی پێغەمبەرە عیسا مان بیستبێت، سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا سوپایەکی لە کۆیلەی لەولاتی فیرعەونەکانەو بە خۆی وگۆچانە یەزدانێکەیەوە، لەگێچەڵی فیرعەونەکان، رووباری نیلی بە گۆچانەکەی

بە موعجزەی یەزدانی شەقکرد و رزگاریکردن. کاتێک لە روباری نیل بۆ شاری ئۆرشەلیمی ولاتی فەڵەستین کۆیلەکانی پەراندەوە. لەورا بوونە کارمەند. نەکارمەند لە ئۆرشەلیم، بگرە جارێکیتر بوونە ئاوارە لە ولاتی بابل و لەورا وەکی کۆیلە بونە کریکار. پاشای شەشەمی بابل کاتێک ولاتی رۆژهەلاتی بابلی تا دەریای ناوەراست داگیرکرد، عیساییەکانی کردە کۆیلە وبردنە بابل وەک کۆیلەی ئاوەرە بە کرێکاری کردن و برجی نەمرودی ( توری بابل) پێدرووست کردن.

بیابنی دورگەی عەرەبی وولاتانی گۆڵف دوور نەرۆین، بە کرێکاری ئاوارە جیهانی بەهەشتی سەر زەمین دروستکرا.